سەماحەتی حەکیم لە وانە هەمەزانییەکی : بەهەند وەرنەگرتنی نوێژکردن دیاردەیەکی مەترسیدارە پێویستە چارەسەر بکرێت

لەوانەیەکی هەمەزانی دیکەدا، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە توێژینەوەی پێیامی مافەکانی ئیمام عەلی کوری حوسێن ئەلسەجاد (سەاوی لە بێت) لەوە لە تیکی چوارەم و مافی دەیەم کە مافی نوێژکردنە باسی مەترسی بەهەند وەرنەگرتنی نوێژی کرد.
سەماحەتی حەکیم ڕوونیکردەوە کە بەهەند وەرنەگرتنی نوێژکردن دیاردەیەکی مەترسیدارە بۆیە لەبەر ئەم هۆکارە لەم وانەیە بایخێکی زۆر بەوە دەدەین، سەماحەتی چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز و چەندین فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویست و چیرۆك و بەسەرهاتی بە نموونە هێنایەوە لەسەر ئەهلی بێت کە هۆشیاری دەدەن لەسەر ئەو دیاردەیە و لە دەرئەنجامە خراپەکانی ئاگادارمان دەکاتەوە.

لەو ئایاتە قوئانیانەی باس کرا لەم وانەیە:

قولە تعالى: "وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ اتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا" [المائدة 58]، "فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَوٰةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ" [مريم 59]، "وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَاتُهُمْ إِلَّا أَنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ" [التوبة 54].

سەماحەتی حەکییم لە شرۆڤەکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا هۆشداری لە سستی و بەهەند وەرنەگرتنی نوێژ کرد و باسی فەرموودەیەکی کرد کە دەڵێت " "ليس مني من استخف بصلاته" واتا لەمن نیە ئەوەی نوێژەکەی بەهەند وەرنەگرێت، هەروەها ئیمام کازم دەڵێت "من استخف بالصلاة لا ينال شفاعتنا" واتا ئەوەی فشێ بە نوێژکردن بێت شایانی شەفاعەتی ئێمە نییە.

سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بە گرنگی جێختکردنەوە لەسەرگرنکی نوێژ کرد و گوتی کە" کەمتەرخەمی لە ئاستی ژیانی دنیادا دەرئەنجامی گەورەی لەدەکەوێتەوە، هەروەک ئاماژە بەوەشکراوە کە ئەو سیفەتانەی بەسەر ئەوانەدا دێت کە پشتگوێ دەخەن لە دنیا و قیامەتدا لەوانە: بەرزکردنەوەی بەرەکەتی ژیان و بژێوی ژیان و تەسککردنەوەی گۆڕ و لێپرسینەوەی لە ڕۆژی قیامەت.

لەکۆتایی وانەکە سەماحەتی حەکیم باسی گرنگی هۆشیاری کرد سبارێت بە مەترسی بەهەند وەرنەگرتنی نوێژکردن، دووپاتی کردەوە کە پاراستنی نوێژ لە کات وساتی خۆیدا و بایەخدان پێی کۆکەیەکی سەرکی ئارامیی ڕۆح و کەمەگایە.